## له لاس ڤیگاسەوە جیهان دەگۆڕدرێ

# سەرنجێک لەسەر گەورەترین پیشانگای ساڵانەی CESدا

هەموو ساڵێک لە سەرەتای وەرزی زستاندا گەورەترین پیشانگای ساڵانەی تەکنەلۆژیای نوێ لە شاری لاسڤیگاس ئەمەریکاوە بەڕێوە دەچێت، لەودا گەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ، نوێترین بەرهەمەکانی خۆیان دەخەنەڕوو.. پێشانگایەک کە لەودا پێشبینی دەکرێت داهاتووی تەکنەلۆژیا لە ساڵانی داهاتوودا بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت.. ئەمساڵیش لە رۆژی ٨ هەتا ١١ی مانگی یەک، ئەم پێشانگایە کرایەوە، لە پێشانگای ئەمساڵدا زیاتر لە ٤٤٠٠ کۆمپانیانی بەرهەمهێن بەشداریان تێدا کرد، بەرهەمەکانیان لە پێشانگایەکی ٢٥٠ هەزار مەتری چوارگۆشەدا خستەڕوو. زیاتر لە ١٨ هەزار کەس لە

## پاسیکلێکی هۆشمەند بە دەنگ فەرمان وەردەگرێ



پاسکیل یا دووچەرخە لە ریزی باشترین ئامێرەکانی دۆستی مرۆڤ و ژینگە دێتە ژمار، ئامێرێك نە كێشەیەك بۆ ژینگە دروستدەكات و نە تەندروستی بەكارهێنەرەكەی دەخاتە مەترسییەوە..

لە پیشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا، پایسكلی Cybic E-Legend خرایەڕوو، پایسكلەكە لەگەڵ سیستەمی دەنگی ئەلكسا دەگونجێت و بە دەنگ شوێنی و جێگاكان و مەودای گەیشتن بە بەكارهێنەرەكەی دەڵێت، هەروەها دەكرێت بەرلە گەیشتن بە ماڵەوە فەرمان بكەی كە سپیلتەكە هەڵبكات و گلۆپەكان دابگرسێنێ یان پێچەوانە، هەروەها دەتوانێت ئەگەر كێشەیەكت بۆ هاتە پێش، یان ترافیك و قەرەباڵغی بوو ئاگاداری ئەندامانی ماڵەوە بكات. دەكرێت هەرلەوكاتەدا كە پێدان لێدەدەی لەو خورادنگانەی سیستەمی ئەلكسایان هەیە داوای خواردن بكەی.

پاسكیلی ناوبراو كۆمپیوتەرێكی بچووكی هەیە و كەوتۆتە سەر سوكانی پایكسلەكە، بڵندگۆ و چەند مایكێكی هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەركەكان. شوێنی دانانی كامێرای هەیە، سیستەمی GPS لەسەرە و بۆ نیشاندانی شوێنەكان.




**پسپۆڕانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ لەم پێشانگایەدا بەشدار بوون و زیاتر لە ٦٦٠٠ ڕاگەیاندنی جیهانی لەم پێشانگایەدا ئامادەبوون.**
**لەم ساڵیشدا وەک هەموو ساڵانی دیکە لە بەشی ئایتی گۆڤاری گوڵاندا، ئەو بەرهەمە تەکنەلۆژییە نوێیانەی کە لەم پیشانگایەدا نمایش کران، بۆ ئێوەی خوێنەران دەخەینەڕوو، بۆ ئەوەی بزانن لە داهاتوودا چ بەرهەمێکی تەکنەلۆژیای نوێ دەکەوێتە بازاڕەوە..**




## ستەیشنێکی یاری بە سێ مۆنیتۆرەوە

لە پیشانگای ces2019ا‌دا جیهانی مەجازی و یارییە ئەلکترۆنییەکان گرنگییەکی زۆری پێدرابوو، زۆر لە کۆمپانیاکان بە بەرهەمێك یان چەند بەرهەمی نوێی یارییە ئەلکترۆنییەکان بەشدار بوون.. ئامێرێکی تایبەت بە یاری کۆمپانیای acer سەرنجێکی زۆری بەشداربووانی راکێشا..

ئامێرەکە بە predator thrones ناسراوە، پێکهاتووە لە کۆمپیوتەرێکی جۆری Predator Orion 9000 و کیبۆرد و ماوس و هێدست و سێ شاشە (مۆنیتۆر)ی ٢٧ ئینجی.

ئامێرەکە وەك کورسییەکی تایبەت بە ددان سازی دەچێت، سێ شاشە لەسەرەوە دەبیندرێن و بەکارهێنەر لەسەر کورسییەکە پاڵ دەکەوێت. سیستەمی لەرزین و ماساژدان لە کورسییەکەدا هەیە، بۆ ئەوەی کە یارییەکان وەك واقیعی بچن، بۆ نموونە کاتێك کارەکتەری ناو یارییەکە دەخزێت، بەکارهێنەری سەرکورسییەکە دەلەرێتەوە، یان لە هەندێك شوێن کە گەرمە هەست بە گەرمایی دەکات. کێشەیەکی گەورە لە یارییەکەدا ئەوەیە کە کورسییەکە و ئامێرەکانی دیکە شوێنێکی زۆر دەگرێت و دەبێت ژوورێکی بۆ تەرخان بکرێت، لەکاتێکدا دەکرێت یارییەکی ئەلکترۆنی بە مۆبایلێك ئەنجام بدرێت.

# شوێن هەڵگری سامسۆنگ بۆ بزر نەبوون و دۆزینەوە



منداڵەکەت دەچێتە دەر و ناگەڕێتەوە، نازانی لە کوێیە و چی بەسەرهاتووە؟ گیاندارەماڵییەکەت وەك سەگ و پشیلە دەردەکەون و ناگەڕێنەوە و نازانی لە کوێن؟ سویچی سەیارەکەت نازانی لەکوێ بەجێ هێشتووە؟ لە گەشتێکدای و لە هاوڕێکانت هەڵبڕای و نازانی لەکوێن؟ هەموو ئەو شتانەی باسمان کردن رۆژانە روو دەدەن و بۆ دۆزینەوەیان خۆمان ماندوو دەکەین، بەڵام ئەگەر شوێن هەڵگر یان بە واتا ئینگلیزەکەی Trackerت هەبێ کێشەکان چارەسەر دەبن. سامسۆنگ لەم ماوەیەدا شوێن هەڵگری جۆری SmartThings Tracker بەرهەم هێناوە، لەگەڵ GPS دەگونجێت و پشتیوانی لە تۆڕی خێرای LTE دەکات.

ئامێرەکە بچووکە، دەکرێت بە کۆڵەپشتی بخرێت، لەگەڵ سویچی ئۆتۆمبیل دابندرێت، لە ملی گیانلەبەری ماڵی بخرێت و بە منداڵەکەت هەڵبواسرێت. لەماڵەوە یان لە هەر شوێنێك بی بە وردی شوێنی ئەم شتانەت لەسەر مۆبایلەکە بۆ نیشان دەدات. ئامێرەکە ئاوی تێناچێت. ئەگەر جارێك شەحن بکرێتەوە هەتا هەفتەیەك زیاتر شەحنی دانابەزێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، لەسەر کۆمپیوتەرێك کار دەکەم کە چەند کەسێك لەسەر ئەو کۆمپیوتەر کار دەکەن، چ بکەم نەزاندرێت ئەوانەی دوای من دێن، نەزانن چ ماڵپەڕێکم کردۆتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ ئەوەی کە نەزاندرێت چ سایتێك و ماڵپەڕێکت کردۆتەوە، یان لە چ تۆڕێکی کۆمەڵایەتیدا بوویە، بۆ هەرکام لە وێبگەڕەکان وەك گوگل کرۆم، ئیکسپلۆرێر، فایرفۆکس... هەنگاوە جیان..

لێرەدا باسی پڕکارترین وێبگەڕ گوگل کرۆم دەکەین، سەرەتا دوگمەی Ctrl و H پێکەوە دابگرە، دواتر پەنجەرەی سڕینەوە دێت، واتە سڕینەوەی history یان بە واتایەکی دیکە سڕینەوەی هەموو ئەو ئەرکانەی لەسەر ئینتەرنێت ئەنجامت داون، دەتوانی یەك یەکە سایتەکان هەڵبژێری، یان لە بەشی لای راستدا کلیك بکە و مەودای رێکەوت دیاری بکە، بۆ نموونە کردارەکانی ئەمڕۆ، یان هەفتەیەکت یان مانگێکت بسڕیەوە.. ئاوا بە ئاسانی دەسڕێنەوە..

## پرۆگرامێک بۆ وێنەگرتن لە شاشە

یەکێك لە ئاسانترین و باشترین رێگای فێربوونی کۆمپیوتەر و پرۆگرامەکانی، یان هەر بابەتێکی دیکە، فێرکردن لە رێگای وێنە و فیلمەوەیە. فێرخواز دەتوانێت هەم گوێ بگرێت و هەم بە وێنە شێوازی فێرکردنەکە ببینێ. پرۆگرامگەلێکی زۆر لەم بوارەدا هەن. یەکێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی HyperSnap v8.16.07ە. پرۆگرامی ناوبراو بە باشترین شێوە بە کوالیتیەکی باش وێنە لە شاشە هەڵدەگرێتەوە. ئەم پرۆگرامە لە هەر شوێنێکی شاشە بتهەوێ وێنە هەڵدەگرێتەوە، تەنانەت لەو دەقانەی کە کۆپی کردنیان ئەستەمە.

پرۆگرامی ناوبراو هەم وێنە دەگرێت و هەم دەکرێت دەستکاری وێنەکە بکەی، چونکە دەیان مینۆ و فەرمانی تایبەت بە وێنەی تێدایە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- توانای تۆمارکردنی ئۆتۆماتیکی وێنەکان بە هەر فۆرماتێك مەبەستتە.
- توانای سوود وەرگرتن لە فەرمانە دەنگییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی پرۆگرامەکە.
- گۆڕینی وێنەگیراوەکە بە ٢٠ جۆر فۆرمات.
- وێنەگرتن لە لاپەڕە گەورە و درێژەکانی ماڵپەڕەکان.




## دەستبەندێکی زیرەک



کاتژمێر و دەستبەندە زیرەکەکان جگە لە نیشاندانی کات و وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکان، باشترین ئامێرن لە خزمەت جەستەی بەکارهێنەردا و یارمەتیدەر و راهێنەرێکی باشن بۆ ئەوەی جەستەیەکی تەندروستت هەبێت.

مەچەکبەند و کاتژمێرە ژیرۆکەکان، هەنگاوەکانی بەکارهێنەر دەپێون، مەودای رۆیشتن دیاری دەکەن، رێژەی وزەی سووتێندراوت نیشان دەدەن، لێدانی دڵ و هەندێکیان

# کاتژمێرەکەی ئەپل چاودێری تەندروستی




لەم ماوەیەدا کۆمپانیای ئەپل لەگەڵ خستنەڕووی نوێترین مۆبایلەکانی خۆی، پەردەی لەسەر نوێترین کاتژمێری زیرەکی خۆیشی هەڵدایەوە. کاتژمێری apple watch series ٤ لە ریزی نوێترین کاتژمێرە زیرەکەکان دێت.

گرنگترین ئەرکی کاتژمێرەکە، ئەرکە تەندروستییەکانییەتی، یەکەم کاتژمێرە کە دەکرێت بەهۆیەوە هێڵکاری دڵ ئەنجام بدەی و ئەنجامی هێڵکارییەکەش پرێنت بکەی و لەلایەن پزیشکانەوەش بڕوای پێ بکرێ. لێدانی دڵ و ژماردنی هەنگاوەکان و سووتانی کالۆری تێدایە. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە جیاوازی دەخات لە نێوان هەنگاونان و بەربوونەوەدا، بۆیە ئەگەر بەکارهێنەری کاتژمێرەکە لە شوێنێکی بەرز بەربوویەوەو لە ماوەی خولەکێکدا نەیتوانی هەستێتەوە سەر پێ، ئەوە ئۆتۆماتیکی زەنگ بۆ کەسە نزیکەکانی بەکارهێنەر یان نەخۆشخانەی ئۆژانس (تەواری) لێدەدات. جگە لەوەش کاتێك باسی لێدانی دڵ دەکرێ کاتژمێرەکە دەزانێ لێدانی دڵت کەمبۆتەوە یان وەك جارانە، لەحاڵەتێکی نائاساییدا بەکارهێنەرەکەی یان نزیکەکانی ئاگادار دەکاتەوە.



## ماڵپەڕێک بۆ گۆڕینی ڤیدیۆ بە MP٣

زۆر جار هەیە کاتێك یوتیوب دەکەیەوە گۆرانیی و ئاوازێکی خۆش سەرنجت رادەکێشێ، نیازت هەیە تەنیا فایلی دەنگی ئەو گۆرانی و ئاوازە وەربگری و لەسەر ئامێری MP3 ئۆتۆمبیلەکەت گوێی لێبگری، بەڵام پێویستی بە پرۆگرامە بۆ گۆڕین و کۆنڤێرت کردن، ماڵپەڕی saveclipbro.com ئاسانکارییەکی زۆری کردووە، دەتوانی لینکی فایلەکە وەربگرە و لە بوکسێکی تایبەت کە لە سایتی ناوبراودا هەیە داینبێ و پاشان بە چ فۆرماتێك دەتهەوێ خەزنی بکەی دیاری بکە و دواتر دوگمەی start لێبدە، بەئاسانی فایلەکە دەگۆڕدرێت بە فایلێکی MP3، سایتەکە زۆر ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدات دەکرێت تاقیان بکەیەوە..

## بەهێزترین پاوەربانک

کۆمپانیای هایپەر پێیوایە تا ئەم ساتە بەهێزترین پاوەربانکی لە جیهاندا بەرهەم هێناوە، لەو بڕوایە دایە پاوەڕ بانکی HyperJuice تا ئەم ساتە بێ رکابەرە. پاوەربانکێك کە لە یەك کاتدا چەند ئامێر پێکەوە شەحن دەکاتەوە. پاوەر بانکەکە ئەگەرچی بە قەوارە بچووکە بەڵام بە توانایی زۆرە، چونکە هەتا ١٣٠ وات وزە دەبەخشێت.

شوێنی سێ جۆرە کێبڵی هەیە . جۆری USB-C توانای ١٠٠ وات هەیە. ئەم پاوەر بانکە ٢٧ هەزار میلی ئامپێرە، خێرایی شەحنکردنەوەکەشی زۆر بەهێزە.. چەندین بەرابەر خێراتر لە هەموو پاوەر بانکێك. پاوەر بانکەکە نە تەنیا تایبەتە بە مۆبایل بەڵکو بۆ گشت ئەو ئامێرانە دەبێت کە پێویستیان بە شەحنکردنەوەیە، بۆ نموونە دەکرێت لاپتۆپێك و تەبلێت و مۆبایلێك پێکەوە شەحن بکاتەوە.




## بە هاناتەوە دێت

پاڵپەستۆی خوێنیش نیشان دەدەن..

مەچەکبەندی جۆری Tended Protected جگە لەوەی وەك هەموو بازووبەندەکانی دیکە لە خزمەت تەندروستی دایە، زەینێکی دەستکردیشی هەیە، کە دەکرێ وەك نزیکترین یارمەتیدەر و بەهاناوەچوون سەیری بکرێت. هەرکاتێك هەستی بەوەی کرد بەکارهێنەرەکەی هاوسەنگی تەندروستی لەدەست دەدات، یان تووشی حاڵەتێکی نائاسایی دەبێت دەستبەجێ کەسە متمانەپێکراوەکانی بەکارهێنەرەکەی یان نەخۆشخانەیەك ئاگادار دەکاتەوە.

